# له گەرمەی پاکتاوکردنی رەگەزیی کورد لەلایەن رێژێمی ترکییەوە،

# بێدەنگ مەبن!

هەروەک ئاگادارن، لە ماوەی سێ مانگی رابردوو لەبەردەوامیی سیاسەتی سەرکوتکارانەی دەولەتی "ئەردۆغان" و، داسەپاندنی "بەربەندکردنی هاتوچوو" لەلایەن سوپاوە لەزۆربەی شارەکانی کوردستانی ترکییە، بە کەڵکوەرگرتن لە تانک وتۆپ و فڕۆکە و جۆرەها چەکی قورسی دیکە، لەئاسمان و زەوییەوە دەستیکردووە بە قەڵاچۆکردنی دانیشتووانی شارەکانی باکووری کوردستان.

بە پێی دوا زانیارییەکان کە لەلایەن رێکخراوەکانی پارێزگاریی لە مافی مرۆڤ بڵاوکراونەتەوە، تاکوو ئێستا سەدان کەس لە هاوولاتیانی کورد کە زۆرینەیان منداڵ و ژنانی بەسالاچوون، بێبەزەییانە لەلایەن بەکرێگیراوانی سوپای ترکییەوە کوژراون. ژمارەیەکی زۆرتریش دەستبەسەرکراون و، لە بەندیخانەکاندا بە دڕندانەرتین شێوە لەلایەن بەکرێگیراوانی سوپای ترکییەوە شکەنجە دراون، یان تێرۆر کراون. هەر لەم ماوەیەدا هێزەکانی ئاسایشی رژێم، لەهێرشێکی نەخشەدارێژراودا هەڵیانکوتایە سەر نووسینگەکانی "حیزبی دێمۆکراتیکی گەلان" و، گرتنی ئەندام و لایەنگرانی ئەم پارتە. بەپێی ئەو هەواڵانەی رۆژانی رابردوو بڵاوکرانەوە، رۆژی 10 ی ئەم مانگە (رێبەندان)، پۆلیسی سەرکوتکاری رژێمی ترک، پەلاماری باڵەخانەیەکی داوە لە گەڕەکی "ئارتمتان" لەشاری "وان"، دووانزە لاوی کوردیان گرتووە، گوللەیان ناوە بە نێوچاوانیانەوە وهەر دووانزەکەیان پێکەوە کوشتووە.

رۆژ لەگەڵ رۆژ ئەم جەنگە نابەرامبەر و نادادپەروەرانەیە پێدەنێتە ئاستێکی گەورە و سامناکترەوە. بێدەنگی و بێهەڵوێستبوونی زلهێزەکانی جیهان وەکو ئەمریکا و یەکێتیی ئۆرووپا، دەستی رژێمی ترکی بۆ بەردەوامکردنی تاوانەکانی ئاوالەکردووە.

ئێمە کە ناوی خۆمان لەژێر ئەم راگەیەندراوە واژۆکردووە، وێڕای شەرمەزارکردنی تاوانەکانی دڕندانەی رژێمی ترکییە، پشتیوانیی تەواوی خۆمان دەردەبڕین لە داخوازییەکانی رەوای گەلەکەمان لە باکووری کوردستان. هاوکات داوا لە خەڵکانی خاوەنویژدان و ئازادیخواز و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لەسەرتاسەری جیهان دەکەین، لەبەرامبەر قەڵاچۆکردنی دڕندانەی گەلی کورد لەلایەن رژێمی ترکییەوە بێدەنگ مەبن.

لەم پێوەندەدا، گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بانگهێشت دەکەین، لەرۆژی شەممە (۳ی رێبەندان) بەرامبەر بە 23/1/2016 لەهەر شوێنێکی ئەم دنیایە دەژین، خۆیان رێکبخەن، لە گۆڕەپانی شارەکان، لەبەرامبەر باڵوێژخانەکانی ترکییە و پەرلەمانەکانی وڵاتانی ئۆرووپا و ئەمریکا بە رێخستنی کۆبوونەوە

و خۆپیشاندانی هێمنانە، پشتیوانیی خۆیان لە خوشکوبرایانمان لە باکووری کوردستان دەرببڕن و، کردەوەکانی دڕندانە و ڕەگەزپەرستانەی ڕژێمی ترک لە قاو بدەن و ئاشکرای بکەن.

**سەرکەوتن بۆ ئازادی و ئازادیخوازانە!**

**دووشەممە ١٣٩٤/٩/٢٨**

**بەرامبەر بە:** 18/1/2016

واژۆی بانگەواز لەلایەن:

سارمەدین سادقوەزیری، هاشم کەریمی، عەزیز ماملێ، خەلیل ڕەشیدیان، عەبدوڵڵا مستەفا سوڵتانی، ئەنوەر سوڵتانی، حسێن خەلیقی، خەلیل حەوارینەسەب، یۆسف ئەردەڵان، نەجمەدین غولامی، ناسر ڕەزازی، کاڵێ ئاتەشی، فەریبۆرز فەخاری، کامران ئەمین ئاوە، مزەفەر نامداری، ئەمیر لوتفوڵڵانژادیان، یەدوڵڵا بەلدی، تاهیر حکمەت، ئاریز ئەندری، ئۆمێد بیگیزادە، گوڵمراد مرادی، سیروان کاوسی، لەیلا محەممەدی، عەلی کەریمی، ڕەحمان جەوانمەردی، مەهین شوکرۆڵڵاپوور، شەهلا دەباغی، محەممەد قورئانی، کوێستان فتووحی، سوورکێو زەکی، بێهرووز ئاغازەمان، بێهزاد خۆشحاڵی، ئازاد مرادیان، جەهانبەخش ڕۆستەمی، ئاریز داراپوور، زێنەب بایزیدی، پرشنگ بلووری، سدیق بابایی، ئەمجەد حسێن پەناهی، سەعید سنەیی، عەلادین سەلاحیان، ئافاق تۆفانی، سەبری بەهمەنی، سیروان قادری، محەممەد ڕەحیمی، کۆرش نازری، سۆنبۆل سادقوەزیری، جەمیل محەممەدی، ناهید ڕەحیمی، شەهرام میری، کوێستان داوودی، گەلاوێژ ڕەزازادە، سەحەر دڵشاد دینارۆند، ئەرسەلان عەزیزی، مستەفا مودەڕسی، ئەسغەر جیلوو، لەیلا خەلیلی، سنوور عەبدوڵڵاپوور، زێنەب ئیلخانیزادە، بەدیع بەدیعزادە، شەرافەت خالدیان، شەهابەدین شێخی، سارا مەولوودی، ناسر ڕەسووڵزادە، سالار پاشایی، مێهرداد ئەمینوەزیری، ناسر فەتحی و ئەمین عەلی ئەفرازە، لەگەڵ ئەم ڕێکخراوانەی خوارەوە:

**١- ڕێکخراوەی پارێزگاری لە مافی مرۆڤی کوردستان**

**٢- دامەزراوەی مافی مرۆڤی کوردستان**

**٣- کۆمیتەی کوردانی دانیشتووی ئەمریکا بۆ مافی مرۆڤ و دێمۆکراسی لە ئێران**

**٤- ناوەندی پارێزگاریکردن لە مافی مرۆڤی کوردستان**

**٥- کەمپینی بەرگری لە زندانییەکانی سیاسی و مەدەنی.**

**٦- ڕێکخراوی کۆردۆساید واچ (چاک - کۆمەڵەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان).**